تەحسین نامیق

# ناوچە جێناکۆکەکان
# ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی - ٢٠١٠

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

## سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تایپ: شانیا یوسف**

**چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**

**تیراژ: (٢٥٠٠) دانە**

**ژمارەی سپاردن: (١٨٧٥) ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی رۆشنبیری**

**ژ. زنجیرە : (٤)**

**لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| **ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر** | |
| ناوچەی جێناکۆك | ٩ |
| ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراق | ١٢ |
| جوگرافیای ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراق | ١٧ |
| **مادە یاسایی و دەستوریەکانی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان** | |
| مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە | ٢٣ |
| دەقی مادەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عیراق | ٢٥ |
| ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) | ٢٧ |
| **ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراق** | |
| یەکەم ـ چارەسەری دەستوری | ٣٢ |
| دووەم ـ چارەسەری سیاسی | ٣٦ |
| سێهەم ـ دواخستنی چارەسەر بۆ ماوەیەکی دەستنیشانکراو | ٤٠ |
| **سەرچاوەکان** | |

# پێشەكی

ئامانج لەنوسینی بابەتی (ناوچە جێناكۆكەكان، ئایندەو ئاسۆكانی چارەسەر) هەڵسەنگاندنی واقعبینانەی هەلومەرجی مێژوویی ـ سیاسی ئەو ناوچانەیە كە ئەمڕۆ وەك پرسێكی نەتەوەییو كێشەیەكی هەڵپەسێردراو ماوەتەوە لەنێوان حكومەتی هەرێمی كوردستانو حكومەتی عیراقی فیدراڵدا. لەم بابەتەدا هەوڵدراوە بۆ ناساندنی چەمكی (ناوچەی جێناكۆك)و پێناسەكردنی، كە ئەمڕۆ لەجیهاندا نموونەی ئەم جۆرە لەململانێیانە زۆرن.



ناوچە جێناكۆكەكان لەعیراقیشدا وەك یەكێك لەو ناوچانە، تا ئێستا ناوچەی ململانێو كێشە لەسەرن، ساغكردنەوەی چارەنوسیشیان ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەبینێت.

ئەم ناوچانە لەڕابردوودا لەژێر كاریگەری پیادەكردنی تەواوی سیاسەتەكانی پاكتاوی رەگەزی لەلایەن رژێمە یەك لەدوایەكەكانی عیراقدا بەردەوام لەهەلومەرجێكی دژواردا بووەو دوای پرۆسەی ئازادی عیراقیش ساغكردنەوەی چارەنوسیان پەیوەستكرا بەچارەسەری یاسایی و دەستوری تا لەچوارچێوەی مادەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا جێگیر كرا.

لەبەشێكیتری بابەتەكەدا تیشك خراوەتەسەر ئاستەنگەكانی بەردەم جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ و سستی بەرنامەی كاری حكومەت لەجێبەجێكردنی بڕگەو قۆناغەكانی مادەكە.

لەدوو تویّی ئەو هەڵسەنگاندنانەدا، لەبەشی کۆتایی بابەتەکەدا هەوڵدراوە بۆ پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێك بە ئامانجی ساغکردنەوەی چارەنوس و زەمینە خۆشکردنی هەلومەرجی لەبارتر بۆ ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان.

**نوسەر**

# ناوچە جێناکۆکەکان
# ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر

## ناوچەی جێناکۆك

بەشێوەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لەم دەستەواژەیە پشت بەم پێناسەیە دەبەستین.

ناوچەی ململانێ بەو مانایەدێت کە ململانێو کێشە هەیە لەسەر سەروەری لەچەند ناوچەیەك یان ناوچەیەکی دیاریکراو.[١]

ئەو ناوچانە یان ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە، کە ململانێو کێشەی لەسەرە لەنێوان دەوڵەتاندا یاخود

(١) فريد أسسرد. المسألة الكرديه بعد قانون أدارة الدولة العراقية منشورات مركز كردستان للدراسات الستراتيجية السليمانية. ٢٠٠٤ ص٥٢.



لەنێوان چوارچێوەی سنوری سیاسی یەك دەوڵەتدا. ئەو ناوچانەش کە ململانێی لەسەرە زیاتر ناوچە سنورییەکانی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر دەگرێتەوە، یان ئەو ناوچە سنوریانە دەگرێتەوە کە لەنێوان دوو هەرێمی سیاسی یان جوگرافی ناوخۆی یەك دەوڵەتدا هەیە.

لەململانێدا، کاتێك کە ناهاوسەنگی تەرازووی هێزو نەبوونی هۆشیاری گشتی دەربارەی کێشەکانی پەیوەندیدار دێتەئاراوە، رەزامەندی لایەنەکان لەچوونە نێو پرۆسەی گفتوگۆو دیالۆگ، بە ئاراستەکردنی چارەسەری کێشەکە لەسەر بنەمای سازاندنی لایەنەکان زەحمەت دەبێت بەبیانووی نەبوونی ئاسۆی چارەسەر، لەم کاتەدا پێویستمان بە میکانیزمێك دەبێت بۆ رێکخستنو ئاراستەکردنی ململانێکان بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەتوندو تیژیو پێکدادان.

لەجیهاندا نموونەی ئەم جۆرە ململانێیانە زۆرن، لەسەر ساغکردنەوەی چارەنوسیان لەوانە، ناوچەکانی ئاپخازیاو ئۆسێتیای باشور لەگورجستان، ناوچەی قەرەباخ لەئازەربێجان، ناوچەی باشورو دارفۆرو ئیبیی لەوڵاتی سودان، هەرێمی باسك لەوڵاتی ئیسپانیا، دوورگەکانی ئالاند لەدەریای بەلتیك، دورگەکانی هورمز لەنێوان هەردوو وڵاتی ئیماراتو ئێران، دوورگەکانی مارشال لەوڵاتی پۆرتۆریکا، قودس لەنێوان فەلەستینو ئیسرائیل، ویلایەتی موسڵ لەنێوان عیراقو تورکیا، ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراق.



## ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراق

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، لەدەرئەنجامی ئەو کۆنگرەو رێککەوتنامانەی لەنێوان ووڵاتانی براوەی شەڕەکەدا بەسترا بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتی عێراقیش لەو هەلومەرجەدا لەساڵی ١٩٢١ دروستکرا کە لەهەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە پێکهاتبوو، دواتریش بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة ألامم) ویلایەتی موسڵیش خرایە سەر ئەم دەوڵەتە بێ گوێدانە راپرسی خەڵکی ناوچەکە کە تیایدا پێکهاتەی کورد زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتەکە بوون.

ئەو پێکهاتە ئیتنیانەی چوونە نێو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەوە نەگونجاو بوون لەڕووی نەتەوەییو ئاینیو مەزهەبییەوە، تیایدا پێکهاتەی عەرەب زۆرینەو عەرەبی سوننە باڵادەست بوو. لەسەرەتای دروستبوونی ئەو دەوڵەتەوە کێشەی کورد وەك کێشەیەکی نەتەوەیی

سەریهەڵداو بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەیی، میللەتی کورد لەچوارچێوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی خۆیدا شێوازی خەباتی (سیاسی ــ چەکداری) لەسەردەمە جیاوازەکاندا گرتۆتەبەر. لەبەرانبەریشدا تەواوی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عیراق بەرپەرچی ئەو داخوازیانەیان داوەتەوەو وەك نەتەوەی بن دەست مامەڵەیان لەگەڵدا کردووەو سیاسەتی چەوسانەوە، سیمای سەرەکی ئەو رژێمانە بووە لەتەواوی ناوچە کوردنشینەکاندا بەگشتیو لەو ناوچانەشدا بەتایبەتی کە ئەمرۆ بە ناوچەی جێناکۆك ناسراون بەهۆی هاوسنوریان لەگەڵ ناوچە عەرەبنشینەکانو بوونی نەوت لەبەشی زۆریاندا، کە تەواوی سیاسەتەکانی پاکتاوی رەگەزی تیادا جێبەجێکراوە لەچوارچێوەی پرۆسەکانی (تەرحیلو تەعریبو گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییو هەڵوەشانەوەی گرێبەستی کشتوکاڵیو دابڕینو هەڵوەشانەوەی فەرمی ژمارەیەك



لەیەکە کارگێڕییەکانی ئەو ناوچانە)، بە ئامانجی گۆڕینی دیموگرافیو تێکدانی هاوکێشەی پێکهاتەی ناوچەکە.

یەکێك لەململانێ سەرەکیەکانی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو حکومەتەکانی عیراق دیاریکردنو دەستنیشانکردنی سنوور بووە، کە لەسەرجەم دانوسانەکاندا ساغکردنەوەی چارەنوسی بەشێك لەو ناوچانەی کە ئەمرۆ بە ناوچەی جێناکۆك دەناسرێن ساغنەبۆتەوەو لەهەندێکیاندا پەیوەستکراوە بە ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان، بەبێ ئەوەی. لەڕووی کردەییەوە هەنگاوی بۆ بنرێت.

لەئەنجامی راپەڕینی جەماوەری ساڵی ١٩٩١و سەپاندنی سەرجەم بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقدا تەواوی دەسەڵاتی ئیداریو سەربازی رژێم. لەبەشێك لەناوچە کوردنشینەکاندا کشایەوەو بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچانەدا، بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی دەسەڵاتە، بەرەی کوردستانی کە

لەوکاتەدا نوێنەرایەتی سیاسی ناوچەکەی دەکرد، بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دانیشتوانی لە ١٩/٥/١٩٩٢دا، لەدەرئەنجامدا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان)و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبوو.

بەڵام ناوچە کوردنشینەکانی تر لەژێر دەسەڵاتی رژێمدا مایەوە، لەگەڵ بەردەوامبوونی جێبەجێکردنی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی تیایاندا، تا ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادی عیراق لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە لە ١٩/٣/٢٠٠٣و روخانی رژێم لە ٩/٤/٢٠٠٣ دا.

لەو هەلومەرجەشدا دەستنیشانکردنی رۆژی ١٩/٣/٢٠٠٣ لەلایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانانەوە بۆ سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانو راگەیاندنی میکانیزمی ساغکردنەوەی چارەنوسی ئەو ناوچانە لەڕێگەی یاساوە بەمانای دووبارە جیاکردنەوەی ئەو ناوچانە بووە لەهەرێمی کوردستان.



دواتریش جەختکردنەوەی ئەم سنورە لەمادەی (٥٣)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەو دەستنیشانکردنی چارەسەری دەستوری ساغکردنەوەی چارەنوسی ئەم ناوچانە لەمادەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقو بەفەرمی ناسینی ئەم ناوچانە بە ناوچەی جێناکۆك، بەمانای تایبەتمەندیدان بوو بەم ناوچانەو دروستبوونی سێ ناوچەی جیاوازبوو لەچوارچێوەی نەخشەی عیراقی نوێدا، کە ئەوانیش بریتین لە:

ـ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی عیراق.

ـ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ـ ناوچە جێناکۆکەکان.

## جوگرافیای ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراق

لەچوارچێوەی مادەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا زاراوەی ناوچە جێناکۆکەکان لەڕووی یاساییو دەستوریەوە جێگیرکرا بەبێ دەستنیشانکردنی ناوو سنوری جوگرافی ئەو ناوچانە جگە لەکەرکوك. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەردوو بنەمای بەدیهێنانی مەرامی سیاسیو گۆڕانکاری لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکاندا لەلایەن رژێمی پێشووەوە، بەبۆچوونی من ناوچە جێناکۆکەکان بریتین لە:

یەکەم: ناوچە کوردنشینەکان یاخود ئەو ناوچانەی کە (زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردبوونو هەندێك لەو ناوچانە تا ئێستاش پێکهاتەی کورد تیایدا زۆرینەیە)و تەواوی رێوشوێنەکانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی تیادا ئەنجامدراوەو مەودایەکی سیاسی وەرگرتووەو جێگەی



ململانێیو ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عیراقی فیدراڵە.

سیما سەرەکیەکانی جۆری ناکۆکی لەم ناوچانەدا بریتین لەساغکردنەوەی: ـ

چارەنوسی جوگرافیای سیاسی

ـ چارەنوسی زەوی

ـ چارەنووسی دانیشتوان

ـ چارەنوسی سامانە سروشتیەکان

### ئەم ناوچانە بریتین لە :

### ١ـ پارێزگای کەرکوك:

أـ قەزای ناوەند، بەناحیەکانی (لەیلان ـ یایچی ـ قەرەهەنجیر ـ شوان)

بـ قەزای داقوق، بەناحیەکانی (تازە ـ رەشاد ـ غێدە)

جـ قەزای دووبز، بەناحیەکانی (سەرگەڕان ـ پردێ)

دـ قەزای حەویجە، بەناحیەکانی (ریاز ـ عەباسیە ـ زاب)

هــ قــەزاکانی (چەمچــەماڵو دووزو کــەلارو کفــری) لەحاڵەتی جێبەجێکردنی قۆناغی ئاساییکردنەوەی مادەی ١٤٠.

**٢ـ پارێزگای موسڵ:**

أـ قەزای ناوەند، بەناحیەی (بەعشیقە)

بـ قەزای حەمدانیە، بەناحیەکانی (بەرتەلە ـ نەمرود ـ کەڵەك).

جـ قەزای تەلکیف، بەناحیەکانی (ئەلقوش ـ وان)

دـ قەزای شەنگال، بەناحیەکانی (زوممار ـ ئاڤگەنی ـ رەبیعە)

وـ قەزای شێخان، بەناحیەکانی (مزوری ـ مرێبا)

زـ قەزای ئەلبەعاج، بەناحیەی (تەلعوزێر)

**٣ـ پارێزگای دیالە:**

أـ قەزای خانەقین، بەناحیەکانی (جەلەولا ـ سەعدیە)



بـ قەزای مەندەلی، بەناحیەکانی (بەلەدروز ـ قەزانیە)

**٤ـ پارێزگای سەلاحەدین:**

ـ قەزای دووز بەناحیەکانی (قادرکەرەم ـ نەوجوول ـ سلێمان بەگ ـ ئامرلی)

**٥ـ پارێزگای هەولێر:**

ـ قەزای مەخمور، بەناحیەکانی (گوێر ـ کەندیناوە ـ قەراج).

**٦ـ پارێزگای کوت:**

ـ قەزای بەدرە، بەناحیەکانی (زرباتیە ـ جەسان).

دووەم: ناوچەکانیتری عیراق، کە گۆڕانکاری جوگرافی لەسنوری پارێزگاکاندا ئەنجامدراوەو بۆتە هۆی ململانێ لەنێوان دوو پارێزگادا لەسەر ساغکردنەوەی چارەنووسی

ئەو ناوچانە، سیمای سەرەکی جۆری ناکۆکی لەم ناوچانەدا هیچ مەودایەکی سیاسی لەخۆنەگرتووەو، بەشی هەرەزۆری رووبەری ئەم ناوچانە بیابانەو لەڕووی سامانی سروشتیەوە هەژارو دانیشتوانی کەمە.

نموونەی ئەم شێوازە لەناوچەی جێناکۆك، ململانێو ناکۆکی نێوان هەردوو پارێزگای (ئەنبارو کەربەلا)یە لەسەر ناوچەی نخێب، بەپێی ئەو بەڵگەو دۆکیومێنتانەی لەبەردەستی نوێنەرانی پارێزگای ئەنباردایە گوزارشت لەمێژوویبوونی ناوچەی (نخێب) دەکات وەك بەشێك لەپارێزگای ئەنبار بەپێی نەخشەی جوگرافیای کارگێڕی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەداو بۆ یەکەمجاریش نخێب وەك ناحیە بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە ٥٦٩ لەساڵی ١٩٦٠ بڕیاری لەسەر دراوە، بەشێك بووە لەپارێزگای ئەنبار.[٢]

(٢) مجلس النواب العراقي. محضر الجلسة ٣٢



لەبەرانبەریشدا، نوێنەرانی پارێزگای کەربەلا داکۆکی لەپەیوەستبونی ناوچەی (نخێب) دەکەن وەك بەشێك لەپارێزگاکەیانو ئاماژە بەوە دەکەن کە رووبەری پارێزگاکەیان لەحەفتاکانی سەدەی رابردوودا (٤٥) هەزار کم$^{2}$ بووە، بەڵام بەهۆی بڕیارەکانی رژێمی پێشوو دژ بەم پارێزگایە لەئێستادا رووبەری ئەم پارێزگایە تەنها (٥) هەزار کم$^{2}$ و ناوچەی (نخێب)یش لەچوارچێوەی ئەو بڕیارانەی رژێمی پێشوو خراوەتە سەر پارێزگای ئەنبار.

# ماده یاساییو دەستوریەکانی
# تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان

## مادەی (٥٨) ی یاسای
## بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە

لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق، لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەنجومەنی حوکمدا، مادەی ٥٨ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، تایبەت بوو بە میکانیزمی ساغکردنەوەی چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە "چارەسەرکردنی کێشەی موڵکدارێتیو گەڕانەوەی ئاوارەو گێڕانەوەی هاوردەکانو سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەیانو هەڵوەشانەوەی



بڕیارەکانی پەیوەست بە گۆڕینی سنوری یەکە کارگێڕییەکانو راستکردنەوەی باری نەتەوەیی (تصحيح القومية)..، دوای جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە چارەسەری یەکجارەکی وابەستکردووە بە ئەنجامدانی سەرژمێری عادیلانە" بەڵام بەهۆی جێبەجێنەکردنی ئەم مادەیە لەلایەن حکومەتەکانی (د.ئەیاد عەلاوی ـ د.ئیبراهیم جەعفەری) ئەم مادەیە گوێزرایەوە بۆ نێو دەستوری عیراقو لەچوارچێوەی مادەی (١٤٠)دا جێگیرکرا.

## دەقی مادەی (١٤٠) ی
## دەستوری هەمیشەیی عیراق [٣]

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەو هەنگاوە پێویستیانە دەگرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی مادەی (٥٨) بەهەموو بڕگەکانیەوە.

دووەم: ئەو بەرپرسیارێتیەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەحکومەتی ئینتقالیدا کە لەمادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دانراوە درێژ دەبێتەوەو بەردەوام دەبێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەپێی ئەم دەستورە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی قۆناغەکانی بەتەواوی ئەنجام

[٣] دستور العراق الدائم.



بدرێت لەڕووی (ئاساییکردنەوە ـ سەرژمێری ـ ڕاپرسی) لەسەرجەم ناوچە جێناکۆکەکاندا بە کەرکوکیشەوە لەماوەیەکدا کە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ تێپەڕ نەکات بەمەبەستی دیاریکردنی خواستی هاووڵاتیان.

پاش تێبینیکردن لەبڕگەکانی (مادەی ١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا، شێوازێك لەگشتگیری بۆ ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراقدا بەدیدەکرێت، ئەو ناوچانەی کە کوردنشینو پرۆسەی گۆڕینی دیموگرافیو کۆچپێکردنی زۆرەملێو جێبەجێکردنی سیاسەتی (ڕاگواستنو بەعەرەبکردن)ی تیادا ئەنجامدراوەو هەر ناوچەیەکیتری عیراق کە گۆڕینی جوگرافیای کارگێڕی تیادا ئەنجامدراوە، کە بێگومان جۆرێك لەپەردە پۆشکردنی داخوازییە مێژووییە نەتەوەییەکانی کوردو ئاڵۆزیەك لەجێبەجێکردنیدا لەخۆدەگرێت.

## ئاستەنگەکانی

## بەردەم جێبەجێکردنی مادەی ( ١٤٠ )

مادەی ١٤٠ لەسێ دەستەواژەی (ئاساییکردنەوە ـ سەرژمێری ـ راپرسی) پێکدێتو بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکراوە. لەواقیعدا هەریەك لەو دەستەواژانە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئاڵۆزەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزای بواری سیاسیو یاساییو دەستوری هەیە.

لەقۆناغی ئاساییکردنەوەدا تەواوی کێشە موڵکداریەکان ئاراستە بەدەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریێتی عیراق کراوە، کە ئەم دەستەیە هیچ تایبەتمەندیەکی سیاسی بۆ ناوچە جێناکۆکەکان لەبەرچاو نەگرتوو، سستی کارەکانی لەسەرتاسەری عیراقدا رەنگیداوەتەوە، لەپرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەو گێڕانەوەی



هاوردەکانیشدا شپرزەییو بێ بەرنامەیی پێوە دیارەو بەدواداچوونی جدی نەکراوە لەجێبەجێکردنیدا، سەبارەت گەڕانەوەی یەکە کارگێڕییە دابڕاوەکانیش، پەیوەستکرا بە یەکە کارگێڕییە دابڕاوەکانی ناوەڕاستو باشوری عیراق، بۆ وەرگرتنی بڕیاری پەیوەندیداریش بەم بڕگەیە، پێویستی بە رەزامەندی هەرسێ ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار دەکرد کە پێکهاتەکەی بریتیبوون لە (کورد ـ عەرەب ـ شیعە ـ عەرەبی سوننە)، لەهیچ کاتێکدا کۆدەنگی بڕیار لەسەر ئەم بڕگەیە بە ئەنجام نەدەگەیشت.

قۆناغی دووەم کە تایبەتە بەسەرژمێری هیچ ئاماژەیەك بەدامەزراوەو لایەنی جێبەجێکەرو سەرپەرشتیاری ئەم پرۆسەیە نەدراوەو فۆرمی تایبەتیش بە زانیاری پێویست ئامادە نەکراوە.

لەقۆناغی سێهەمیشدا (راپرسی) هیچ ئاماژەیەك بەچۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەکە نەکراوە لەڕووی

دەستنیشانکردنی دەزگای جێبەجێکەرو سەرپەرشتیارو لایەنی بەرپرسیار لەڕاگەیاندنی ئەنجامی راپرسیەکە، لەهەمانکاتدا بڕیاری پێویست نەدراوە لەدەستنیشانکردنی فۆرمی پرسیارەکانی راپرسیو ئەو کەسانەی بەشداردەبن لەم پرۆسەیە، هیچ روونکردنەوەیەکیش نەدراوە کە ئایا راپرسی لەسەر چ ئاستێکی کارگێڕیدا ئەنجام دەدرێت.

بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشانکردنی ٢٠٠٧/١٢/٣١ بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم قۆناغەکانی ئەم مادەیە، لەڕووی کردەییەوە مەحاڵەو بەهیچ پێوانەیەك بارتەقای نەهێشتنی کاریگەرییەکانی حەفتا ساڵی پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی نەدەکرد، هاوکات سەرەڕای دارشتنی بەرنامەی کاری حکومەت بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، بەلاّم پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، بەدۆخێکی سست کارەکانی ئاڕاستەکرد، کە بووە هۆی بەسەرچوونی وادەی یاسایی جێبەجێکردنی مادەکەو، دواتریش دروستبوونی ناکۆکی



نێوان پێکهاتەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا لەسەر مانەوەو نەمانی ماوەی یاسایی مادەکە.

بەم پێیە لەهەلومەرجی ئێستادا، چارەنوسی ئەم ناوچانە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، تەنها هەنگاو کە لەڕووی کردەییەوە جێبەجێدەکرێت، پێدانی هاوکاری مادی ئاوارەو هاوردەکانە، بەبێ بەدواداچوونی پرۆسەکە لەگەڕانەوەی ئاوارەو نیشتەجێکردنیان و گێڕانەوەی هاوردەکان بۆ پارێزگاکانی خۆیان.

## ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراق

پاش هەڵسەنگاندنودەرخستنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و مانەوەی کێشەکە بەهەڵپەسێردراوی، کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراقدا، بازنەی ناوخۆیی تێپەڕاندووەو مەودای نێودەوڵەتی وەرگرتووە لەڕێگەی کاریگەری راسپاردەکانی راپۆرتی (بیکەر - هاملتون)و سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری (١٧٧٠)شەوە لە ٢٠٠٧/٨/١٠، کە تایبەت بوو بەچۆنێتی مامەڵەکردنو ڕێکخستنی رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئاست سەرجەم پرسەکانی دەوڵەتی نوێی عیراقدا بە پرسی ناوچە جێناکۆکەکانیشەوە، هەروەك لەپێشنیاری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان (ستیفان دیمستورا) دەردەکەوێت بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەسێ قۆناغدا.



قۆناغی یەکەم: راپۆرتی شیکاری تایبەت بەناوچەکانی (مەخمور- ئاکرێ - مەندەلی - حەمدانیە) بوو.

قۆناغی دووەم: راپۆرتی شیکاری تایبەت بەناوچەکانی (تەلەعفەر - تەلکیف - شێخان - شەنگال - خانەقین) بوو.

قۆناغی سێهەم: راپۆرتی شیکاری تایبەت بە پارێزگای کەرکوك بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئاماژەپێکراو، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

### یەکەم: چارەسەری دەستوری

پەیوەستبوون بە مادەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقو پێویستی پیادەکردنی ئەم رێوشوێنانە:

١ـ هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی مادەی ١٤٠ و لابردنی تەمو مژ لەسەر نەمانەوەی ماوەی یاسایی مادەکەو پێداگرتن لەسەر جێبەجێکردنی.

٢ـ پابەندکردنی فەرمی حکومەتی داهاتووی عێراق لەجێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا، مەرجی سەرەکی بەشداری کورد بێت لەو حکومەتەدا.

٣ـ هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ناوو سنوری جوگرافی سەرجەم ناوچە جێناکۆکەکان بە فەرمیو جێگیرکردنی لەلایەن لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە.

٤ـ دوورکەوتنەوە لەململانێی حزبی لەناوچە جێناکۆکەکانو هەوڵدان بۆ دروستبوونی یەك گوتاری سیاسی کوردیو دوورکەوتنەوە لەگوتاری توندوتیژو وروژێنەر.

٥ـ کاراکردنی دەستەی باڵای چارەسەری کێشەی موڵکدارێتی یاخود دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی ئەرکی ئەم دەستەیەو هەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوەی فەرمی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی رژێمی پێشوو کە تایبەت بوو بەموڵکدارێتی.



٦ـ راگرتنی بێ بەرنامەیی پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەو گێڕانەوەی هاوردەکان و سەرلەنوێ دارشتنەوەو جێبەجێکرنی بەرنامەی زانستی بۆ ئەو پرۆسەیە لەرێگەی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و پابەندکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو مەبەستە.

٨ـ فشار خستنەسەر هەردوو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، تایبەت بەهەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی ژمارە ٦٠٨ی[٤] ١٩٧٥ و ژمارە (٤١)ی ١٩٧٦ بە ئامانجی گەڕانەوەی یەکە کارگێڕییە دابڕاوەکان.

٩ـ رێکخستنی فۆرمێکی تایبەت بە پرۆسەی سەرژمێریو بە فەرمی ناسینی.

[٤] جريدة الوقائع العراقية. عدد ٢٥٠٣، ١٥/١٢/١٩٧٥

١٠ـ دەستنیشانکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی قۆناغی سەرژمێریو لایەنی جێبەجێکەر.

١١ـ پرۆسەی سەرژمێری لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی بکرێت بەمەبەستی راستاندنی نێودەوڵەتی ئەنجامەکەی.

١٢- بەفەرمی ناساندنی دەستەواژەی راپرسی لەڕێگەی پێناسەکردنێکی زانستی هەمەلایەنەی پرۆسەکەو دەستنیشانکردنی ئامانج لەجێبەجێکردنی.

١٣ـ ئامادەکرنی فۆرمێکی تایبەت بەپرسیارەکانی راپرسیو هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لەپرسیاری لاوەکی.

١٤ـ دەستنیشانکردنی دامەزراوەی بێلایەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی راپرسیەکەو بڕیاردەر لەڕاگەیاندنی ئەنجامەکەی.

١٥- بەپێی هەلومەرجی جوگرافی ناوچە جێناکۆکەکان بەبۆچوونی من گونجاوترین یەکەی کارگێڕی (ناحیە)یە،



کە راپرسی لەسەر ئەنجامبدرێتو دانیشتوانەکەی بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن.

١٦ـ سەرجەمی پرۆسەی راپرسی لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە سەرپەرشتی بکرێت، بۆ راستاندنی نێودەوڵەتی ئەنجامەکەی.

## دووەم: چارەسەری سیاسی

بەهۆی جێبەجێنەکردنی مادە یاساییو دەستوریەکان لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، دەکرێت چارەسەری سیاسی ئەلتەرناتیف بێت بۆ ساغکردنەوەی چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەم شێوازەش لەچارەسەر لەلایەن سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە پشتیوانی دەکرێت، لەم حاڵەتەشدا ئەم هەنگاوانە بەپێویست دەزانرێت:

١ـ پێکهێنانی دەزگایەکی تایبەت بەناوچە جێناکۆکەکان، ئەرکی کۆکردنەوەی تەواوی داتاو زانیاریەکانی تایبەت بەم ناوچانەو دروستکردنی لیژنەی

پسپۆربێت لەبوارە جیاجیاکانی (مێژوو - جوگرافیا - دەستور - یاسا - ئاسایشی نەتەوەیی - زانستی سەرژمێریی‌و راپرسی - دانوسان) بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی واقعی ناوچە جێناکۆکەکان‌و دەرخستنی توانای راستەقینەی لایەنی سیاسی کوردی‌و پێگەی لەنێو هاوکێشەی سیاسی نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمی‌و عیراقیدا، بەئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەی سیاسی (لانی زۆر)و (لانی کەم)و پابەندبوونی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەپیادەکردنی لەکاتی گفتوگۆو دانوسانەکاندا.

٢- هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی مادەی ١٤٠ لەدەستوری هەمیشەیی عیراقدا، وەك دۆکیومینتارێکی مێژوویی دانپێدانانی فەرمی گەلانی عیراق بەپیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق لەڕابردوودا، کە لەڕاپرسی رۆژی (١٥/١٠/٢٠٠٥)ی رەشنوسی دەستوردا بەزۆرینەی لە (٧٨,٤٠٪)ی دەنگدەران جێگیرکرا.



٣- کردنەوەی دەرگای گفتوگۆو دیالۆگی سیاسیانەو ئەنجامدانی دانوسان، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، بەمەبەستی گەڕانەوەی یەکە کارگێڕییە دابڕاوەکان بۆ سەر پارێزگاکانی خۆیان لەڕێگەی بڕیاری سیاسیەوە.

٤- دابەشکردن‌و ریزبەندیکردنی ناوچە جێناکۆکەکان بەپێی قەوارەو ئاڵۆزی ململانێکەو پیادەکردنی پرۆسەی دانوسان بەقۆناغ بەم شێوەیە..

أ- ئەنجامدانی دانوسان بۆ ساغکردنەوەی چارەنوسی ئەو ناوچانە کە کەمتر ململانێی لەسەرەو پێکهاتەی کورد تیایدا زۆرینەی رەهایەو هاوسنورە بە پارێزگاکانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك)و ئەگەری سەلماندنی کوردستانی بوونی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عیراقەوە دژوار نیە.

ب- پرۆسەی دانوسان بۆ ئەو ناوچانەش کە رێژەی پێکهاتەکان تیایدا ململانێی‌و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە دەکرێت لەڕێگەی راپرسیەوە لەماوەیەکی

دەستنیشانکراودا، چارەنوسیان یەکلایبکرێتەوە، بەمەرجی بەشداربوونی تەنها دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە لەو پرۆسەیەدا.

جـ ئەنجامدانی دانوسانی تایبەت بە پارێزگای کەرکوك وەك کرۆکی سەرەکی ململانێی ناوچە جێناکۆکەکان لەعیراقدا لەسەر بنەمای ئەم ئەگەرانە:

ـ قبوڵکردنی بنەمای سازش لەسەر ئەو ناوچانەی لەڕووی جوگرافیەوە زەوی کوردستانن، بەڵام بەهۆی کاریگەری هەلومەرجی رابردوو، لەئێستادا زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەپێکهاتەکانیترە، وەك ناوچەکانی (حویجە ـ ریاز ـ عەباسیە ـ یایچی ـ بەشیر ـ غێدە....)و دروستکردنی پارێزگای نوێ بۆیان یاخود لکاندنیان بە پارێزگایترەوە، لەبەرانبەردا سەلماندنی کوردستانی بوونی کەرکوك لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە.

ـ سەلماندنی کوردستانی بوونی شاری کەرکوك لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە بەرانبەر بەسازش لەسەر ئەو



ناوچانەی کە ئاماژەی پێدرا لەبڕگەی (أ)و بەشێك لەداهاتی نەوت.

ـ پارێزگای کەرکوك بکرێت بەهەرێمێکی سەربەخۆ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەك قۆناغی گواستنەوە.

### سێهەم: دواخستنی چارەسەر بۆ ماوەیەکی دەستنیشانکراو

بەپێی ئەزمونی جیهانی لەچۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەی جێناکۆك، دواخستنی کێشەکەیە بۆ هەلومەرجێکی گونجاوتر.

بەهۆی جیاوازی دیدو هەڵوێستی پێکهاتەکانی (کورد ـ عەرەب ـ تورکمان ـ کلدو ئاشور) ناوچە جێناکۆکەکان بۆ ئایندەی چارەنوسی ئەم ناوچانە، دەکرێت ئەم شێوازە پیادەبکرێت.

لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەم رێوشوێنانە بگرترێتەبەر:

١ـ خوێندنەوەی زانستیانە بۆ پێگەو هەڵوێستی پێکهاتەکان، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی پێشینەی

سیاسیو كاریگەری هەریەكەیان لەداڕشتنی چارەنوسی ئەم ناوچانە.

٢ــ كردنەوەی دەرگای گفتوگۆو دیالۆك لەگەڵ پێكهاتەكانی تر لەسەر بنەمای ئاشتیو پێكەوە ژیان قبوڵكردنی یەكترو پتەوكردنی خاڵە هاوبەشەكانو هەوڵدان بۆ تاوتوێكردنو نزیكبوونەوە لەخاڵە جیاوازو هەڵپەسێردراوەكان.

٣ــ دابینكردنی مافو پاراستنی پێگەی پێكهاتەكان لەڕەشنووسی دەستوری هەرێمی كوردستانو بەشداری كردنیان لەدەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا.

٤ـ چاودێریكردنی وردی سەركردایەتی سیاسی كورد بۆ هەلومەرجی سیاسیو ئیداری لەناوچە جێناكۆكەكان بەمەبەستی دروستكردنی پردی پەیوەندی (رۆشنبیری ـ كۆمەڵایەتی...)و گێڕانەوەی متمانەو جێگیركردنی هەلومەرجی (ئاشتیو پێكەوە ژیان)ی نێوان پێكهاتەكان



لەسەر بنەمای سازانو پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەشێوەیەكی عادیلانە.

٥ــ پاش ئەنجامدانی رێوشوێنە ئاماژەپێكراوەكان، پرۆسەی راپرسی لەماوەیەكی دەستنیشانكراودا جێبەجێبكرێت بەمەرجی تەنها بەشداریكردنی دانیشتوانی رەسەنی ناوچەكەو لەسەر بنەمای یەكەی كارگێڕی ناحیە ئەنجامبدرێت.

# سەرچاوەکان


ـ هـەورامان کـەمال. تـاریق رەئـوف. ناوچـەکانی ململانـێ لەنێوان کوردو حکومەتەکاتی عیراقدا. سلێمانی ٢٠٠٨

ـ البروفیسور. د.خلیل أسماعیل محمد. المنطقة المتنازع علیها، بین الحاضر الملتهبء المستقبل المجهول. السلیمانیة ٢٠٠٧

ـ تەحسین نامیق. کـەرکوك. ئاوڕێـك لـەڕابردوو، دێڕێـك بـۆ ئاینده سلێمانی ٢٠٠٩

ـ فریـد أسسـرد. المسـألة الکردیـة بعـد قـانون ادارة الدولـة العراقیة. السلیمانیة ٢٠٠٤

ـ د.حامـد محمـود عیسـی. القضـیة الکردیـة فی العـراق. مـن ألاحتلال البریطـانی إلی الغـزو ألأمریکـی ١٩١٤ـ٢٠٠٤. مکتبـة مدبولی ٢٠٠٥

ـ وەرگێڕانـی. جـەمیل عـەلی. دانـا حەمیـد. عـەزیز رەئـوف. راپـۆرتی گروپـی دیراسـەکردنی عـیراق "بیکـەر ـ هـاملتون". سلێمانی ٢٠٠٧





ـ لیژنـــەی هاوبەشـــی مـــادەی ١٤٠. مەڵبەنـــدی (٢)ی (ی.ن.ك)و لقی (٣)ی (پ.د.ك) "جێبـەجێکردنی مـادەی ١٤٠، زامنی ئاشتیو پێکەوە ژیان".

ـ الدستور العراق الدائم.

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ساڵی
## (٢٠١٠)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
| --- | --- | --- | --- |
| 325 | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حەمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| | داڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | | |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| 334 | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | الدولية | | |
| 342 | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان زنجیرەی هۆشیاری ،ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| 347 | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| 348 | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 349 | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |